

# داهێنان و داهێنەر

**گۆشەیەکی هونەرییە دیاری قەرەداغی دەینوسێت**

● ئەوەی داهێنەرە لە کاری هونەریدا بەردەوام وێڵە بە دوای چنینەوەی ئەو رایەڵە ونانەی نێوان خۆی و دەوروبەر، هەمیشە لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو پنتە پچوکانەیە کە بە تەلەسکۆب نەبێت نابینرێن، هەوڵی رەنگکردنی وێنە شاراوەکانی بەردەم بینینە ئاساییەکان و ئەو دیمەنە گشتیانە دەدات کە رۆژانە دێن و دەچن و بوونەتە کەرەسەیەکی مەئلوف و باو، کەسی داهێنەر بەردەوام لە راڤەکردنێکی ترەوە خۆی دەکاتە هاوڕێی ئەم شتە باوانە.. زمانی کەسی داهێنەر بە دەستەواژەی نوێ پێناسەی ئەو کەرەستە سەرتاییانە دەکات کەخەڵکی ئاسایی تەنها بەپێناسەیەکی کلاسیکی پێوەی گیرساونەتەوە، خەسڵەتەکانی هونەرمەندی ئەفرێنەر بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەبیرکردنەوەی ئەفرێنەرانە و بەهۆشیاری هونەرییانە بەشێوەیەکی تایبەتی، دوور لەهەموو ئەو راو بۆچوونە جیاوازانەی دەربارەی سەرچاوەکانی بیرو هۆش کەهەیە، ئەگەر بۆ ماوەیی بێت یاخود وەرگیراو ... بەهەرحاڵ بیر و هۆشیش بەجۆرێ لەشارەزایی دادەنرێن کەپشت بەتوانای هونەرمەندە داهێنەرەکە دەبەستن لەگۆڕینی ئەندێشە ( ئەندێشەی هونەری ) بۆ شتێکی هەستپێکراو یاخود بەرجەستە لەرێگەی ئەو خەسڵەتانەی کەدەبێت هونەرمەندەکە هەیبێ.

داهێنان شکاندنی شتە باوەکانە لەرێگای پەرەپێدانی بیرۆکەی زانراو و گۆڕینی بۆ شتێکی ناباو، هەموو هونەرە مرۆییەکان بەگۆڕانی بەردەوام، بەڵکو بەسەرکێشی بەردەوامەوە بەستراونەتەوە لەپێناوی تازەگەرییدا، هونەری موزیك بەیەکێك لە هونەرە مرۆییە دێرینەکان دەژمێررێ کەتوانای چوونە ناو قوڵاییە مرۆییەکانی هەیە کەهەردەم لەگۆڕاندان، هونەر بەهۆی سروشتە زیندوو و کاریگەرەکەیەوە دوورە لەنەگۆڕان و چەقبەستن لەقاڵبێکی دیارکراودا، چونکە بەشێوەیەکی گشتی مانەوە لەقاڵبێکی دیاریکراو لەهونەردا، واتای سەرنەویکردن بۆ باو و خەوتن تیایدا، لەکاتێکدا گۆڕانکاری جموجوڵ دروستدەکات لەرێگەی گەڕانی بەردەوام بەدوای هەموو شتێکی تازەو ناوازەدا، گۆڕانکاری سروشتی هەموو شتێکە لەژیاندا، بەڵام لەهونەردا تازەگەری یەکێکە لەرەگەزە سەرەکی و گرنگەکانی داهێنان، هونەرمەندی ئەفرێنەریش ئەو کەسەیە کەتوانای وەڵامدانەوەی بیرە تازەکانی هەیە کەیارمەتی دەدات بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ژینگەکەی کەدەوریداوە ئەمە لەگەڵ بەخشینی توانای رووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکان بەهونەرمەند لەگۆشەنیگایەکی نوێ و جیاوازەوە کە لەگەڵ ئەو کاتەی کەتیایدا بەرهەم هاتووە یاخود لەپێشتر بووە بگونجێ.. بۆ گەیشتنی هونەرمەندیش بەهەموو تازەگەرییەك پێویستی بەخواستێکی راستەقینەیی دەبێت بۆ پاڵ پێوەنانی، چونکە دەبێت هونەرمەند بەرادەیەك پاڵپێوەنرابێت کەوایلێبکات هەوڵێکی پۆزەتیفانەی تەواو بدات بۆ ئەفراندن.

کات، رەگەزێکی هەرە دیارە بۆ هەڵسوڕانی کاروبارەکانی کەسی داهێنەر بەڵام لەگەڵ ئەوشدا رەنگە یەکەم تریشقە بۆ روناککردنەوەی ناخی داهێنەر چەند چرکەیەك بخایەنێت.. داهێنەر راستە کوڕی شوێن و کاتێکە، بەڵام وەچەیەکی رەسەنە ئەگەر هات و بە تازەیی و جوانی و جورئەتەوە دیالۆگی لەگەڵ کۆی بەشەرییەتدا کرد .. ئەمەش سیحر نییە بە هێندەی دۆزینەوەی ئەو زمانە گشتییەیە کە باڵندەیەك لە پاڵ ئاوازێکدا دەستەمۆدەکات .. کە ئاژەڵێکی کێوی و درندەی پێیدەبێتە دۆستی فێرکەرەکەی لە نمایشێکی سێرکدا .. ئەو کات هیچ سەیروسەمەرە نییە کە گیاندارێکی بێعەقڵ لەگەڵ ئاوازێکی نەشئەبەخشدا دێتە قونە قون و سەما..

مرۆڤ گەورەترین داهێنەرە .. ئەوکات لەکۆی هاوەڵەکانی جوداتر دەبێت کە بەردەوام فێربێت و ئازا بێت .. ناخێکی پڕ سۆزی وەك ( بیتهۆڤن ) بەسە کە جیهان ببینێت.. ئەو بەلایەوە گرنگ نەبوو جیهان ئەو ببینن !! بۆیە پارچەیەك موزیکی ئەو بەسە پێمان بڵێت کە بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە لە سوچێکی بچوکی دنیاوە بۆسەراپای دنیای بەرین بوو .. ئەمرۆ تەنها شاکاری داهێنەرەکانە کە هەموو لە بەرهەمێکدا کۆ دەکاتەوە..

بۆ نمونە ( یانی )ـی گەورر موزیسیانی گریکی و ( پیدرۆ )ـی گەورە فلوتژەنی فەنزویلی کۆ دەکاتەوە، ئەمەشە وادەکات ( تریبویت )ـی شاکارە ناودارەکەی ( یانی ) دڵ و گوێی هەزاران نەتەوەی جیاواز بە زمان و دین و کلتور لە خۆی خڕ بکاتەوە ..

داهێنەران هۆکارێکن بۆ یەکخستنەوەی رۆحی بەشەرییەت کە رەنگە ونبووی دوای ئادەم وحەوا بین و لەمێژە بۆ یەکتری بگەڕێین، لەکاتێکدا نە جەنگەکان نە سیاسەت نە کوشتارەکان نە دین و مەزهەبەکان نەیانتوانی پێکەوە گردمانبکەنەوە ..

* سەرەرای ئەوەی هونەرمەند دیاری قەرەداغی باری تەندروستی باشنییە بە هۆی ئو روداوەی لە مانگی پێشودا بەسەریهات بەڵام لە نوسینی گۆشەکەی دوانەکەوت ، ئێمە سەرەرای سوپاس و دەستخۆشی هیوای زوتر چاکبوونەوە و سەلامەتی بۆ کاک دیاری و هەردوو هونەرمەندی هاوەڵی ئەنوەر قەرەداغی و عادل محەمەد دەخوازین .

لڤین